فەرید ئەسەسەرد

# پوکانەوەی دەوڵەتی کەمایەتی

## ( ئەزمونی سیاسیی شیعەکان لەعیراق دا )

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی ٢٠٠٢

فەرید ئەسەسەرد

پوکانەوەی دەوڵەتی کەمایەتی

سلێمانی ٢٠٠٢

زنجیرەی کتێبی بیر: (١٢)

ژمارەی سپاردن: (٤٣١)ی ساڵی ٢٠٠٢

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)

## دەروازەیەك بۆ ناو باسەكە

ئەمڕۆ هیچ ئیمپراتۆریەتێكی كۆلۆنیالیستی لەهیچ شوێنێكی گۆی زەمین نەماوە. مۆدیلی ئەم دەوڵەتە پانوپۆڕە فرەنەتەوەیە كەبنچینەی دامەزراندنی بۆ لكاندنی زۆردارەكیو داگیركردن دەگەڕێتەوە، درێژەی نەكێشاو لەئەنجامدا جێی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بەجێ هێشت كەبنچینەكەی یەكبوونی زمانو خاكو بەرژەوەندیی هاوبەشو مێژووە.

گومانی تێدا نییە كەفرە رەگەزیو فرە تایفەیی، دەوڵەتێكی یەكچووی لێ ناكەوێتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە رێ لەبەردەوام بوونی دەوڵەتەكە ناگرێ. ئەگەرچی مۆدیلی ئیمپراتۆریەتە كۆلۆنیالیستییەكان لەگەڵ گیانی سەردەمدا رێك ناكەوێو هەر ئەمەش بۆتە هۆی لەناوچوونی، بەڵام دەوڵەتی فرەنەتەوەو فرە تایفە، سەرەڕای نەگونجانی پێكهاتە نەتەوەییەكانی، وەك دیاردەیەكی سروشتی دەمێنێتەوە. سەرەنجامی مێژوویی ئەم چەشنە دەوڵەتە بەپێی ویستو ئارەزووی لایەنە پێكهێنەرەكانی دادەڕێژرێ. هەر كات ئەو ویستو ئارەزووە یەكی گرت، دەوڵەتەكە هەلی بەردەوام بوونی بۆ دەرەخسێو هەر كاتێكیش ناتەباییو نەسازان كەوتە نێو ویستو ئارەزووەكان رەنگە توانای بەردەوام بوون لەدەست بداو سەرەنجام دەفەوتێ، چونكە دەوڵەتیش، وەك مرۆڤ لەدایك دەبێو گەشە دەكاو هەر كات ئەجەلی هات، دەمرێ.

مێژوو روونی كردۆتەوە كەدەوڵەتە نایەكچووەكان پاش دەیان ساڵ لەدامەزراندنیان، دەكەونە بەردەم دووڕیانێكەوە: یا لەناوخۆ دەسازێن یا پارچە پارچە دەبن. سەرەنجامە مێژووییەكەی، یا بەرەو ناوەندێتی راپێچی دەكا، كە لەئەنجامدا توندو سفت دەبێو هیچ جیاوازییەك لەنێوان گروپە پێكهێنەرەكانیدا نامێنێ یاخود لانی كەم گڕو تینی ململانێكەرانەیان نامێنێ، یا بەرەو لەتبوون دەچێو لەئەنجامدا پارچە پارچەو پەرەوازە دەبێ. نایەكچوویی دەوڵەت قانونێكی دیاریكراوو نەگۆڕو سەرتاسەریی نیە. ئەو دەوڵەتانە یا بەتێك هەڵكێش بوون دواییان دێ، وەك لەنموونەكانی ئەمریكاو ئیسرائیلو میسر ساغ دەبێتەوە، كەكۆمەڵەكانیان كۆمەڵی نایەكچوون، بەڵام پێكەوە سازاون، یا دەگەنە رادەی پێكەوە نەگونجانو لێك جودابونەوە، وەك لەنمونەكانی یەكێتیی سۆڤێتی پێشوو و یۆگۆسلاڤیای پێشوودا دەردەكەوێ. لەم مەسەلەیەدا هیچ دەستوورێكی گشتی نیە. تەنها ئەزموونی مێژوو و ویستی خەڵكیو

بەرژەوەندی‌یەکانە کەچارەنووسی وڵاتێکی دیاریکراوی نایەکچوو بەشێوەی یەکگرتن یاپەرەوازە بوون دادەڕێژێتەوە.

ئەزموونی مێژوو هێشتا چارەنووسی دوایی‌ی هەندێ وڵاتی نەنوسیوەتەوە، وەك هند، چین‌و کەنەدا. ئەزموونی مێژوو سەنگی مەحەکە، هەر لەڕێگای ئەویشەوە نایەکچوویی، یا بەپێکەوە نەسازان بەلایەکدا دەکەوێ یا بەگونجان‌و تەبایی.

هەر لەم سەروبەندەدا پێکەوە نەسازان بەمانای تین سەندن‌و تیژبوونی دەمارگیری دێ. تین سەندن‌و تیژبوونی دەمارگیریش وڵات لەخەمڵین‌و کامڵ بوون دوور دەخاتەوە. نوقسانی‌و ناکامڵ بوونیش ئەگەری لێك جوودابوونەوە لێ دەکەوێتەوە. پێکەوە نەگونجان‌و لێك جودابونەوە، بەوەی کەدوو خەسڵەتی مرۆڤن، دوو خەسڵەتی دەوڵەتیشن. شتێکی بەڵگەنەویستە کەدەوڵەتانی نایەکچوو لەخۆیانەوەو بەخۆڕایی بەردەوام نابن. چەند تایبەتمەندێتی‌ی گروپە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت پەرە بسەنێ، ئەوەندەش هەلی بەردەوام بوونی دەوڵەتەکە کەم دەبێتەوە. لێرە، بەردەوام بوونی دەوڵەت بەقەدەر ئەوەی دەوەستێتە سەر خۆشبەختی، بەقەدەر ئەوە ناوەستێتە سەر ئارەزوو.

گەورەترین ناودارانی مێژوو ئەوانە نین کەسنووری وڵاتەکانیان بۆ دوورترین شوێن درێژ کردۆتەوە،ئەوانەن کەزۆرترین بڕی پێکەوە گونجان‌و پێکەوە سازانیان بۆ گەلانیان دابین کردووە.

هەر لەم سەروبەندەش‌دا مێژوو پەندێکی جوان قوت دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کەروخان‌و هەرەسی ئیمپراتۆریەتەکان رەنگدانەوەی شکستی ناوەندە لەبەدی هێنانی پێکەوە گونجان‌و تەبایی‌ی لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتێکی نایەکچووی فرە نەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، زۆربەی جار بەردەوام بوونی دەوڵەتانی یەکچوو دەوەستێتە سەر چوار مەرج: یەکسانی، حکومەتێکی بەهێز، هەست کردن بەئەمینی‌و بوونی بەرژەوەندی‌ی هاوبەش. دەکرێ فاکتەرێکی تری یارمەتیدەریشی بۆ زیاد بکرێ، ئەویش دیموکراسی‌یە.

هەر دەوڵەتێکی نایەکچوو ئەم چوار مەرجەی تێدا هەڵکەوێ، لێ‌ی رادەبینرێ لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا ببێتە دەوڵەتێکی تەبای بێ ناکۆکی‌ی توندو تیژ.

عیراق بەم پێکهاتەی ئێستای، لەرووی نژادو تایفەوە دەخرێتە ریزی دەوڵەتە نایەکچووەکانەوە. عیراق لەم دیدەوە کە لەڕووی نژاد تایفەوە پێکهاتێکی نایەکچووی هەیە، بەهیچ

شێوەیەك لەگەڵ سروشتدا ناتەبا نییە، بەڵام هۆی ئەو گێچەڵە دژوارانەی لەمێژە بەرۆکیان گرتووە. بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەنایەکچوویی ئەم دەوڵەتە، بەتایبەتی لەساڵانی ئەم دواییەدا، لەرەوتی پەرەسەندنیدا گەیشتۆتە رادەیەکی ترسناکی نەگونجان و ناتەبایی. لەبەدبەختیی عیراق، ئەو چوار مەرجەی بۆ بەردەوام بوونی هەر دەوڵەتێکی نایەکچوو پێویستن، بەئەندازەی پێویست تێیدا هەڵ نەکەوتوون.

ئەگەر گیروگرفتەکە لەسنووری نایەکچوویی دەوڵەت نەترازایە، دەکرا بیر لەرێگەچارەیەك بکرایەتەوە کە لەگەڵ هەلومەرجی دەوڵەتێکی نایەکچوی ئاساییدا بگونجێ. بەڵام گیروگرفتەکە زۆر لەمە قووڵترە.

عیراق بێ لەوەی کەدەوڵەتێکی فرە نەتەوەو فرە تایفەیەو بێ لەوەی کەپێکهاتەکەی پێکهاتێکی ناتەبایە، دەوڵەتێکی کەمایەتیشە، بەو مانایەی کەکەمینەیەکی دانیشتوان کەبریتین لەسوننەی عەرەب، واتە پێنج یەکی هەموو دانیشتوان، سیاسەتی دەوڵەت دیاری دەکا، بڕیارەکانی دادەڕێژێ و دەسەپێنێ.

لێرەدا مەسەلەکە تەنها مەسەلەی ئەوە نیە کەدەوڵەتەکە لەڕووی نژادو تایفەوە پێکهاتێکی شێواوو پڕ درزی هەیە، بەڵکو، بێ لەوە، مەسەلەی ئەوەشە کەکەمینەیەکی دانیشتوان خۆی سەپاندووەو چارەنووسی زۆرینە بەکەیفی خۆی دەنووسێتەوە.

نایەکچوویی دەوڵەت دیاردەیەکی ناسروشتی نیە. سەرەنجامە مێژوویەکەشی بەدوو رێگادا دەڕوا کەیەکێکیان یەکپارچە بوون و پێکەوەنانی کۆمەڵێکی تەبای بێ ناکۆکیی توندوتیژە. بەڵام دیاردەکەی تر کە بەدیاردەی دەوڵەتی کەمایەتی ناو دەبرێ، بەهەموو پێوەرێك دیاردەیەکی ناسروشتییە. لەڕاستیشدا خودی دەوڵەتی کەمایەتی دەوڵەتێکی نایەکچووە، بەڵام جیاوازیشی لەگەڵ دەوڵەتی نایەکچوودا هەیە. لەدەوڵەتی نایەکچوودا چەند رەگەزێك هەن، بەڵام لەناو هەموویاندا ئەوەی بەژمارە زۆرو بەکەلتور دەوڵەمەندو زۆربەی جاریش بەهێزترە، ئەوەیە کەدەسەڵاتی گرتۆتە دەست و کاروبار بەڕێوە دەبا. لێرەدا زۆرینە جەمسەرێك دەبێ کەکەمایەتی بەلای ناوەندا رادەکێشێ. بەرامبەر بەمە، لەدەوڵەتێکی کەمایەتیشدا چەند رەگەزێك هەیە، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە بەدەست رەگەزێکە کەکەمینەیەکی دانیشتوان پێکدێنێ، وەك ئەو بارودۆخەی ئەمرۆ لەعیراقدا لەئارادایەو وەك ئەو بارودۆخەی تا چەند ساڵێك لەمەوبەر لەباشوری ئەفریقیا لەئارادابوو. لەبارودۆخی

ئاوا ئاوەژوودا کەمینەیەکی دەسەڵاتدار ناتوانێ ببێتە جەمسەرێك بۆ راکێشانی زۆرینە بەلای ناوەندا، مەگەر بەزۆر نەبێ. سەرەنجام زۆرینە لەناوەند دەتۆرێو پێکهاتەی سیاسیی دەوڵەت لە هەلومەرجی تایبەتدا بەرەو شلەژانو پشێوی دەچێ. کاتێك هەلومەرجی گونجاو لەئارادا بێ، رەنگە سیستمی نایەکچوو بەرەو تەبایی‌و پێکەوە سازانو پێك هێنانی کۆمەڵێکی بێ ناکۆکیی توندوتیژ بچێ، بەڵام لەدەوڵەتی کەمایەتی‌دا نایەکچوویی دەوڵەت هەمیشەو بەردەوام بەرەو پێك هەڵپژان دەچێ، مەگەر بارە ئاوەژووە بەرەواژەکە راست بکرێتەوە.

## ١-دەوڵەتی کەمایەتی

گیروگرفتی عیراق لەوەدا نیە کەولاتێکی تێکەڵەیە، نژادو تایفەی زۆری تێدایە، بەڵکو لەوەدایە کەبناخەکەی لەسەر ئەوە دانراوە کەتایفەی سننە عەرەبەکان بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەت بۆ خۆیان پاوان بکەن. بەمەش عیراق دەبێتە دەوڵەتێك کەکەمایەتی‌یەکی، خۆی بەسەر زۆرینەدا سەپاندووە. مێژووی نزیکی رۆژهەلات تا رادەیەك نموونەیەکی تری دەوڵەتی کەمایەتیی تێدا بەدی دەکرێ، ئەویش دەوڵەتی عوسمانی‌یە. دەوڵەتی عوسمانی پاش ئەوەی دەستی بەسەر شامو میسرو حیجازو میسۆپۆتامیادا گرت، چیتر ئەو دەرفەتەی بۆ نەلوا وەك دەوڵەتی زۆرینە بمێنێتەوە. گەشەکردنی دواتری ئەو دەوڵەتە رەنگدانەوەی پەلهاویشتنی جوگرافیی دەسەلاتەکەی بوو کەلەئەنجامدا تا دەهات گیروگرفتەکەی دژوارتر دەبوو و وردە وردەش بەرەو دەوڵەتی کەمایەتی وەردەچەرخا. پاش ئەوەی نزیکەی هەموو باکووری ئەفریقیا کەوتە ژێر دەسەلاتی تورك، ژمارەی عەرەب لەدەوڵەتدا وای لێ هات کەشان لەشانی ژمارەی تورك بدا. سەرەنجام، مەسەلەکە بەهاوپەیمانێتیی عەرەبی حیجازو بریتانیا لەدژی دەوڵەتی عوسمانی دوایی‌ی هات.

گیروگرفتی فرە نژادی لەدەوڵەتی عوسمانی‌دا پەرەی سەندو گیروگرفتێکی گەورەتری لێ کەوتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەوەدا خۆی نواند کەعەرەب دوای پەرەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی‌یان، کەوتنە رمێن پەیدا کردن بۆ ئەوەی گوایە ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەتورك شایستەترو بەتواناترن. ئەوەی لەم بارەیەشەوە یارمەتی‌ی دا ئەوە بووکە تورکەکان ئەگەرچی جڵەوی دەوڵەتیان بەدەستەوە بوو، بەڵام لەچاو سەرجەمی نژادەکانی تر،کەمایەتی بوون. کار گەیشتە رادەیەك یەکێ لەگەورەترین لایەنگرانی بووژانەوەی عەرەب، ئەویش شێخ جەمالەددینی ئەفغانی‌یە، لەنووسینێکدا بانگەشەی بۆ

توانەوەی تورك لەناو بۆتەی عەرەبدا كرد، گوایە ئەمە چارەسەرێكە بۆ گیروگرفتی نایەكچوویی‌ی دەوڵەتو بۆ راگرتنی ململانێ‌ی نێوان توركو عەرەب. لەم هەراو ئاپۆرەیەدا توركەكان، كەسەرمەستی مێژووی جەنگاوەرانەی خۆیان بوون، وای بۆ چوون كەهەر بانگەوازێك بۆ لامەركەزی‌و ئۆتۆنۆمی، بەرەیان لەژێر پێ دەردێنێ‌و كارێكی وا دەكا نەتوانن دەسەڵاتی راستەوخۆی خۆیان بەسەر چەندەها هەرێمی پان‌و پۆڕی ناتورك نشیندا بسەپێنن. هەڵبەتە لەم بوارەدا نەك هەر فاكتەری دیمۆگرافیا دژیان بوو، بەڵكو جوگرافیاش، چونكە ئەناتۆلیاو ئەم بەرو ئەوبەری دەریای مەرمەرەی لێ دەرچێ، نزیكەی ٨٠٪ی خاكی دەوڵەت بەگەلانی ناتورك ئاوەدان بوو.

گیروگرفتێك كەدەیان ساڵ لەمەوبەر تەنگی بەتوركە عوسمانی‌یەكان هەڵچنی‌و بەونجڕونجڕ كردنی دەوڵەتە پان‌و پۆڕەكەیان كۆتایی هات، ئەمڕۆ خەریكە لەعێراقدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بەشێوەیەكی زەق تر، توندترو سەخت تر. ئەوە بۆ خۆی بەڵگەیە كەسننە عەرەبەكان لەچاكترین باردا پێنج یەكی دانیشتوان پێك دێنن. لەرووی جوگرافیاشەوە بەسەر خاكێكی پانوپۆڕدا پەرت‌و بڵاون كە نە هەرێمێكی یەكگرتووی لێ پێكدێ نە پەیوەستێكی بەتین‌و توندو تۆڵ لەنێوان پارچەكانیدا بەدی دەكرێ. بۆ نموونە، تا رادەیەك هیچ پەیوەستێكی جوگرافی یا ئابووری یا كۆمەڵایەتی لەنێوان موسڵ لەباكووردا‌و رمادی لەباشووردا یا لەنێوان رمادی لەرۆژئاواداو باقوبە لەرۆژهەڵاتدا نیە، بەپێچەوانەی هەرێمی شیعەنشین یا كوردنشین. جوگرافیا تا رادەیەكی زۆر هەڵوێستی سننە عەرەبەكان دەشڵەژێنێ. ئەوەش نیشانەیە كەهەرێمی ئاوەدانی عیراقی عەرەب نشین تەنها بەشێكی زۆر كەم كەرێژەكەی ناگاتە ١٠٪ی هەموو هەرێمەكە، بۆ نیشتەجێ بوونی سننە دەهێڵێتەوە. دیارە ئەمەش بۆ سننە عەرەبەكان شتێكی زۆر ترسناكە.

ئەم شێوازییەی پێكهاتەی سیاسی‌ی عیراق بۆ سەرەتای دەسپێكی دامەزراندنی دەوڵەت دەگەڕێتەوە. ئاشكراشە كەسێ توخمە كاریگەرەكەی دامەزراندنی دەوڵەت بریتی بوون لەبریتانیا، كۆنە ئەفسەرە سننەكانی ناو سوپای عوسمانی‌و هاشمی‌یەكانی بنەماڵە سننییەكەی حوسەینی شەریفی مەككە. ساڵێك بەر لەوەی دەوڵەت دامەزرێنرێ، شیعەكانی باشووری عیراق لەدژی داگیركەرە ئینگلیزەكان راپەڕین، بەڵام شكستیان خواردو شكان. ساڵێكیش پێش شۆڕشە ژێركەوتووەكەیان، لەریفراندۆمێكدا كەساڵی ١٩١٩ سازكرا داوایان كردبوو یەكێ لەكوڕەكانی شەریفی مەككە ببێتە

مەلیکی عیراق. دیارە پڕۆپاگەندەی بریتانیا لەم مەسەلەیەدا دەورو تەئسیری خۆی هەبووە. بەڵام ڕەنگە شۆڕشی ١٩٢٠ بەڵگەیەك بێ لەسەر ئەوەی کەشیعەکان بەقەدەر بریتانیا بەتەنگ ئەوەوە نەبوون کەنەجیب زادەیەکی بەبنەماڵە حیجازیو بەتایفە سننی ببێتە مەلیکیان. شیعەکان زوو ئەو هەستەیان لا گەڵاڵە بوو بوو کەئینگلیزەکان زۆر خۆشیان ناوێن. ئەوە بەڵگەیە کەشیعەکان، بەپێچەوانەی سننەوە، لەکاتی یەکەم جەنگی جیهاندا پەیوەندەیی توندو تۆڵیان لەگەڵ ئینگلیزدا نەبووە. لەکاتی جەنگدا، ئەفسەرە سننی‌یە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی ناو سوپای عوسمانی بەلای هاوپەیمانەکاندا دایانشکاندو بەرامبەر بەوەی کەبریتانیا بەڵێنی پێ دان کەدەوڵەتێکی یەکگرتوویان بەسەرۆکایەتی‌ی شەریف حوسەین بۆ دادەمەزرێنێ، هاریکاری‌یان لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا کرد. کاتێك جەنگ بڕایەوە، شیعەکانی عیراق لەتورکە عوسمانی‌یەکان رزگاریان بوو، بەڵام ئەمجارە کەوتنە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی داگیرکەرێکی تر کە لەڕووی نژادو دینەوە جیاوازی‌ی لەگەڵیاندا هەبوو. تا ئەو کاتە ئەزموونێکی راستەوخۆیان لەگەڵ بریتانیا نەبوو.

لەریفراندۆمی ١٩١٩ دا کەریفراندۆمێکە بریتانیا مشووری خواردووە، شیعەکان رازی بوون یەکێ لەکوڕەکانی شەریفی مەککە بکرێتە مەلیکی عیراق. تا ئەو کاتە، شەریف حوسەین بەوەی کەهاشمی بوو و بەبنەچە دەچۆوە سەر بنەماڵەیەکی متفەرك‌و داوای دەوڵەتێکی بۆ عەرەب دەکرد کە مەککەی پیرۆز پایتەختەکەی بێ، ناودارترین‌و گەورەترین نەجیب زادەی عەرەبستان بوو. شیعەکانیش لاری‌یان لەوە نەبوو کوڕێکی ئەو ببێتە مەلیکیان. بێ لەوە، ئەمەش خاڵە گرنگەکەیە، بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو ئەگەر بەوە رازی بن، دەبنە ژێردەستەی سننە. هەر لەم سەروبەندەدا هیچ شتێکی وایان دەرنەبڕی کەئاماژە بێ بۆ پێویستی‌ی باس کردنی مەسەلەی سننە عەرەبەکان. ئەوەی راستی بێ، تا ئەو کاتە سننە عەرەبەکان هیچ دەورێکی سیاسی‌یان نەبوو. شیعەو سننە، بەبێ ئەوەی پێشوەخت نەخشەیان بۆ کێشابێ‌و لەسەری رێککەوتبن، یەك دەنگ بوون لەسەر پێك هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەعیراقداو بۆ ئەم مەبەستەش داوایان کرد یەکێ لەکوڕەکانی شەریفی مەککە ببێتە مەلیکیان.

لەریفراندۆمی ١٩١٩ دا نە شیعەکان باسی سنووری ئەو دەوڵەتەیان کرد کەرازین کوڕێکی شەریفی مەککە ببێتە مەلیکی نە سننەکان. بێ لەوە، شیعەکان داوای ئەوەشیان نەکرد کەکوردستان بخرێتە سەر دەوڵەتە پێشنیارکراوەکە. بریتانیاش دوا چارەنووسی ناوچەی کورد نشینی هێشتا

یەکلا نەکردبۆوە. ئەگەر ئەو دەوڵەتە بەبێ کورد بەردەوام بوایە، ڕێژەی شیعە بەرامبەر بەسننە لەنزیکەی ٥٥٪ـەوە دەبووە ٧٥٪. بەبۆچوونی شیعە پێك هێنانی دەوڵەت لەهەموو هەلو مەرجێکدا لەقازانجی ئەواندایە، چونکە ئەوان هەمیشە زۆرینەی دانیشتوان پێك دێنن.

بەڵام ساڵێك پاش ریفراندۆمەکە، شیعەکان هەڵوێستێکی توندیان دەربڕی. شۆڕشیان بەرپاکردو داوای دەرچوونی سوپای بریتانیایان کرد. ئیتر لەو نەبەردەدا خۆیان تاك‌و تەنیا بینیی‌یەوە، چونکە زۆربەی سننەکانی باکووری خەتی ٣٢ئارام‌و بێدەنگ مانەوە. شۆڕش بەدرێژاییی ٤مانگی تەمەنی وەك شۆڕشێکی شیعی مایەوە، چونکە سننەکان دوورەپەرێز خۆیان ڕاگرت‌و بەشداری‌یان تێدا نەکرد.

بۆچوونی شیعە سەبارەت بەحکومەتی پاش دەرکردنی ئینگلیز لەعیراق بۆچوونێکی لێڵ‌و تەڵخ بوو. بەپێی ئەحمەد کاتب، میرزا محەمەد تەقی شیرازی، ئایەتۆڵڵای گەورەی شیعە پاش کازم یەزدی، بانگەشەی بۆ ((هێنانە دیی ڕژێمێکی دەستووری‌و پێك هێنانی ئەنجومەنێکی نیشتمانی)) کردوە[1].

ئەم ئامانجە دەری دەخا کەشیعەکانی عیراق بەهیوای سەرمەستی شۆڕشی مەشروتیەتی ئێران بوون. هەوڵەکەی شیرازی یەك لەو دوو ڕێبازە سیاسیی‌یە دەردەبڕێ کەئەوسا لەناو کۆمەڵی شیعی‌دا لەئارادابوون. ڕێبازەکەی تر کەپێ دەچێ علمانی تر بووبێ، ئەو ڕێبازە بوو کەرازی بوو دەوڵەتێك بەمەلیکایەتیی کوڕێکی شەریفی مەککە دابمەزرێ. هەردوو ڕێباز لەسەر مەسەلەیەکی گەوهەری یەکدەنگ بوون کەمەسەلەی سەربەخۆییی عیراق‌و هاتنە سەرکاری بنەماڵەیەکی حیجازیی بەتایفە سننەیە. ئەوەی لەسەری ڕێك نەبوون مەسەلەی چۆنێتیی بەدی هێنانی سەربەخۆیی‌یە. لەکاتێکدا ڕێبازی ئایەتوڵڵاکان پێی لەسەر مەسەلە ئایدیۆلۆژیەکان دادەگرت‌و بڕوای بەوە هەبوو کەململانێی عیراقی‌یەکان‌و بریتانیا بەشێکەو درێژەپێدانی ململانێی نێوان ئیسلام‌و خاچ پەرستی‌یە، ڕێبازەکەی تر بانگەشەی بۆ دیدێکی پڕەگماتی تر دەکردو پشتیوانیی لەوە دەکرد کە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی پێویستەو خراپ نیە هاریکاری لەگەڵ بریتانیای مەزندا بکرێ.

بەڵام سەپاندنی ماندێت بەسەر عیراقدا بەپێی پەیمانی ساڵی ١٩٢٠ی سانریمۆ، بووە مایەی کڵپەسەندن‌و وروژاندنی هەستە نەتەوەیی‌یەکانی شیعەو سننە. عیراقی‌یەکان، بەشیعەو سننەوە، دەریانخست کەسوورن لەسەر داواکردنی سەربەخۆیی لەبریتانیا. مانگی پێش بەرپابوونی شۆڕشی شیعەکان

مانگێکی یەکلاکەرەوە بوو. مانگی ڕەمەزان کەپێش شۆڕشی شیعەکان لەگۆڕێدا بوو، هەوڵو کۆششێکی زۆری شیعەو سننەی بۆ بەدیهێنانی یەك ڕیزیو یەکپارچەیی بەخۆوە بینی. شارەکانیش لەجۆشو خرۆشدا بوون. ئایەتوڵڵاکان نەبا کۆنترۆڵ کردنی هەلومەرجی گشتی‌یان لەدەست دەرچێ، لەناوەڕاستی ڕەمەزاندا بانگەوازێکیان بەناوی شیرازی‌یەوە بڵاوکردەوەو تێیدا داوایان لەعیراقی‌یەکان کرد خۆپیشاندانی ئاشتی‌یانە ساز کەنو بەڵێنیێکیان بەو مانایە دانێ کەسەربەخۆیی‌ی عیراق مایەی هاتنە سەرکاری حکومەتێکی ئیسلامی دەبێ. بەڵام شیعەکان نەیانتوانی دان بەخۆیاندا بگرنو بەحەماسەتێکەوە کەنادانایی‌ی پێوە دیاربوو لەداگیرکەرە ئینگلیزەکان هاتنە دەستو شۆڕشیان بەرپا کرد.

مایەی خەفەتە کەشیعەکان لەنەبەردێکی خوێناوی‌دا دژی بەهێزترین دەوڵەت لەدنیادا، خۆیان تەنیاو بێ پشتو پەنا بینی‌یەوە. زۆربەی هەرە زۆری سننەکان خۆیان مات کردو پشتیوانی‌یان لێ نەکردن. لەئەنجامی ئەمەدا یەکەمینو دوایین پەیمان لەنێوان شیعەو سننەدا گورزێکی کاریگەری تێسرەوێنراو لەبەر یەك هەڵوەشایەوە.

شیعەکان هیچ قازانجیان لەشۆڕش نەکرد. نەشیانتوانی ئاواتی خۆیان بێننە دیو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن.

بێگومان لەهەموو بارودۆخێکدا ئیشتهاو ئارەزووی دامەزراندنی دەوڵەت لەخودی دانانی بناغەکانی ئاسانترە، ئاشکراشە کەهیوا هۆنینەوەو ئارەزووکردن هیچی تێ ناچێ، بەڵام بناغەدانان نرخی خۆی هەیەو بەخۆڕایی نابێ. شیعەکان نەك هەر شۆڕشەکەیان بەفیڕۆ چوو، بەڵکو لەململانێدا دژی بریتانیا هاوپەیمانێکی گرنگیشیان لەدەسدا، ئەویش سننە عەرەبەکانە. لەکاتێکدا سننەکان دڵنەوایی‌ی بریتانیایان چنگ کەوت، شیعەکان بێجگە لەرق کینەیان هیچی تریان دەسنەکەوت. ئیتر لێرە بەدواوە، چارەنووسی عیراق دەکەوێتە بەر دەستی پێرسی کۆکس کەدەوڵەتێکی کەمایەتی لەسەر حیسابی شیعەو دواتریش لەسەر حیسابی کورد دادەمەزرێنێ.

## ٢-مەسەلەی شەرعیەت

شۆڕشی ١٩٢٠ی شیعەکان شکستی هێنا. ئیتر بەم شکستە هیچ هیوایەکیان بەوە نەما کەدەوڵەتێك بەپێی مەرجەکانی خۆیان بێننە دی. ناچار بوون هانا بەرنە بەر ساتوسەودا. دیارە ساتوسەوداش بێهێز ناچار دەکا مل بۆ بەهێز کەچ کاو زێدە مافی بۆ بسەلێنێ بەو تاکە مەرجەی کە

بەهێز مافی ژیانی پێ ڕەوا ببینێ. لەکاتێکدا ناسیۆنالیستە سوننەکانو بریتانیاو هاشمی‌یەکان پێکەوە بناخەی دەوڵەتیان بەپێی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان دادەنا، مەسەلەی بەدی هێنانی سەربەخۆیی‌یەکی تەواو کەشیعەکان هەوڵیان بۆ دابوو، وەك مەسەلەیەکی بێزراوو سواوی ڕۆژانی ڕابردوو باس دەکرا. بێگومان هاشمی‌یەکانو ناسیۆنالیستە سوننەکان نەیاندەتوانی واز لەتەنگبینیی خۆیان بێنن، چونکە لەبنەڕەتدا نەیاندەتوانی دەسبەرداری ئەو فاکتەرە بن کە بۆ ئەوان مایەی هێزو دەسڕۆیی‌یە: واتە فاکتەری هاریکاری لەگەڵ بریتانیا.

شیعەکان پاش سەرکوت کردنی شۆڕشەکەیان تەنها ئەوەیان بۆ مایەوە کەپەنا بەرنە بەر نەرمو نۆڵی. دبلۆماسیەتی هەردوو موجتەهید مەهدی خالسیو محەمەد سەدر ڕوونی دەکاتەوە کەشیعەکان دووچاری شکستێکی سایکۆلۆژیی گەورە بوو بوون. هەردوو موجتەهید بەیعەی فەیسەلیان کرد، بەڵام بەدوو مەرج: یەکەمیان مل کەچ نەکردن بۆ بریتانیاو دووەمیان خۆپابەند کردن بەپەرلەمان. فەیسەڵ زوو هەردوو مەرجی قبووڵ کرد. لەراستیدا هیچ لایەکیان خەیاری تری لەبەردەمدا نەبوو. شیعەکان پاش ئەوەی شۆڕشەکەیان شکستی خوارد، بێجگە لەفەیسەڵ کەسی تریان نەبینی بەرەو سەربەخۆیی‌یان ببا. فەیسەلیش کە لەبنەڕەتدا پاڵێوراوی ئینگلیزەکان بوو نەك هی شیعەکان، بێجگە لەقبووڵ کردنی دوو مەرجەکەی موجتەهیدین هیچ خەیارێکی تری نەبوو. بەمجۆرە، هەردولا بەم ساتوسەودا سوكو چروکە ڕازی بوون کەئەوەندەی لەقازانجی فەیسەڵدا بوو ئەوەندە لەقازانجی شیعەدا نەبوو.

ڕەنگە شیعەکان هەقیان بووبێ بەمەلیکێکی سوننیی خەڵکی حیجاز ڕازی بن، چونکە پاش ئەوەی نەیانتوانی بەزەبری زۆردارەکی ئینگلیز لەعیراق وەدەرنێن، وایان لێکدایەوە کەرەنگە بەقبووڵ کردنی فەیسەل ئەو هیواو ئامانجانە بێننە دی کەلەمەوبەر نەیانتوانی بوو بەزۆر بیانسەپێنن. لەبەر ئەوە لەوتووێژدا لەگەڵ فەیسەلی مەلیکی ئایندەیان، ئەو مەرجەیان دانا کەهەوڵ بۆ بەدی هێنانی سەربەخۆیی‌یەکی تەواو بدات. بەپێی هەندێ سەرچاوە، بەشێکی شیعەکان تەنگیان بەفەیسەل هەڵچنیو داوایان لێ کرد ماندێتیش ڕەت بکاتەوە. ئەمەش کارێك بوو لەدەسەڵاتی کەسدا نەبوو. ئیزاك ناکاش کەیەکێکە لەو کەسانەی بەوردی لەسەر شیعەیان نووسیوە، وای بۆ چووە کەمەرجەکەی شیعە سەبارەت بەپابەند کردنی فەیسەل بەپەرلەمان، بەو نیازە بووە کەحکومەتێکی لاوازو کەم توانا بۆ عیراق دەستەبەر بکەن.

ڕەنگە ویستبێتیشیان لاساییی شۆڕشگێڕانی ساڵی ١٩٠٨ی ئێران بکەنەوە کەتوانییان دەستوور بەسەر شادا بسەپێننو دەسەڵاتەکەی بەپەرلەمانێکو ئەنجومەنێکی سانسۆری پێنج کەسی کەم بکەنەوە.

بەبڕوای شیعە، پابەند کردنی مەلیك بەپەرلەمان تێکڕای دەسەڵاتی یاسادانانیان بۆ دەستەبەر دەکاو گێچەڵ بەهەر حکومەتێك دەکا. بەڵام لەکۆنفرەنسی ساڵی ١٩٢٢ی کەربەلا بۆیان دەرکەوت کەئەوان لەم بارەیەوە زیاد لەپێویست گەش بین بوون، چونکە ئەو مەلیکەی بەڵێنەکانی خۆی نەهێنایە دیو ئینگلیزی لەکۆڵ نەکردنەوە، خەریك بوو رازی دەبوو پەیمانێکی بیست ساڵی لەگەڵ بریتانیا ببەسترێ. ئایەتوڵڵاکان لەقانوونی هەڵبژاردنیش خانەگومان بوونو لەو بڕوایەدا بوون کەرەنگە ئەو قانونە گلۆڵەیان بخاتە لێژی، چونکە پێیان وابوو ئینگلیزو بەغدا گوشار بەکار دێنن تاکو ئەو پاڵێوراوانە سەرکەوتن بەدەست بێنن کەمۆرکردنی پەیمانەکە پەسەند دەکەن. بەرامبەر بەمە، ئایەتوڵڵاکان فەتوایان دا کە بەشداری کردن لەهەڵبژاردنی پێشنیارکراو حەرامە. ئەگەرچی فەتواکە تەگەرەی لەهەڵبژاردن دا، بەڵام نەیتوانی بەیەکجاری پەکی بخا. ساڵی ١٩٢٣ مەهدی خالسی بەو هانەیەی کەمەلیك پێ لەسەر دەرکردنی ئینگلیز داناگرێ، بەیعەی خۆی بۆ فەیسەڵ هەڵوەشاندەوە. کاتێك شیعەو بەغدا دیسان بەگژ یەکتردا چوونەوە، شیعەکان سەریان لەوە سوڕما کەئەو بەغدایەی بەگژیدا دەچن زۆر لەوە بەهێزترە کەتێی گەیشتبوون.

بێگومان ناسیۆنالیستە سوننەکان ئامادە نەبوون نەرمی بەرامبەر بەشیعەکان پیشان بدەن. پێیان وابوو هەر نەرمییەك ڕەنگە ببێتە هۆی لەدەسدانی ئیمتیازاتیان. شیعەکان کەنەیانتوانی بوو دەوڵەتێك بەئارەزووی خۆیان دامەزرێنن، چوونە سەر ئەو بڕوایەی کەپێویستە لانی کەم داوای یەکسانی بکەن. لەکاتێکدا پاکانەی شەرعیی داواکردنی یەکسانی لەلایەن شیعەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەشیعە خۆی بەبەشخوراوو زۆرلێکراو دەزانێ، پاکانەی شەرعیی خۆگێل کردنی سوننە لەپرنسیپی یەکسانی، پەرۆشیی سەرزارەکیی ئەوانە بۆ پاراستنی یەکپارچەییی وڵات. پاکانەی دەوڵەتی عیراق بریتییە لەتوانای سوننە عەرەبەکان، نەك شیعەو نەك کورد، بۆ ساتوسەوداکردن لەگەڵ زلهێزێکی وەك بریتانیا، ساتوسەودا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لەعیراقدا بەرامبەر بەرازی بوونی لەندەن بەحوکم کردنی عیراق لەلایەن سوننەوە. شیعەکان وەك لایەنگرانێکی بەئەمەکی عیراقێکی تەواو

سەربەخۆ مانەوە. لەم سەروبەندەش‌دا چونکە بۆ حوکم کردنی دەوڵەتە پێشنیارکراوەکە بەقەدەر سننە پێویستیان بەپشتیوانی‌ی بریتانیا نەبووە، بەهەمان بڕ بەقەدەر سننەش پێویستیان بەساتوسەودا لەگەڵ بریتانیا نەبووە. ئەوەش هەندێ جار هانی داون زێدەڕۆیی بکەن‌و مننەتیان بەزۆر شت نەبێ. هەر بەهۆی ئەوەشەوە زیانی کاریگەریان لێ کەوت، چونکە پێرسی کۆکس پشتیوانی‌ی لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کەمایەتی کردو لەندەنیشی بردە سەر ئەو باوەڕەی کەبەرژەوەندی‌یەکانی لەسایەی حکومەتێك کەسننە عەرەبەکان بەڕێوەی دەبەن چاکترو جوانتر دابین دەکرێ.

بەرژەوەندی‌ی هاشمی‌یەکان‌و ناسیۆنالیستە سننەکان لەوەدا بوو کە لەگەڵ بریتانیا تەبا بن. بەمجۆرە لەکاتێکدا پەیوەندی‌ی نێوان بریتانیاو شیعە لەسەر هێز دامەزرا، پەیوەندی‌ی نێوان بریتانیاو سننە لەسەر تەبایی دامەزرا.

لەسۆنگەی ئەمەوە دەوڵەتی کەمایەتی لەسەر بنچینەی نایەکسانی دامەزرا. یەکسانی چونکە بەمانای مافی یەکسان دێ، لەلایەن ناسیۆنالیستە سننەکانەوە ڕەت کرایەوە. ناسیۆنالیستە سننەکان لەبری یەکسانی پشتیوانی‌یان لەنایەکسانی‌ی سیاسی کرد چونکە بەبێ ئەو نایەکسانی‌یە دەستیان ناڕواو ئیمتیازاتی خۆیان لەدەست دەدەن.

لەدەوڵەتی کەمایەتی‌دا مەگەر تەنها بەزۆر. ئارامی دابین بکرێ. لەدەوڵەتێکی کەمایەتی‌ی وەك عیراق‌دا ئارامی بەندە بەوەی کەسننە تا چ ئەندازەیەك دەتوانێ شیعەو کورد ئارام راگرێ. لێرەدا، ئارامی پێویستی بەهێزە، چونکە کەمایەتی، بەپێچەوانەی زۆرینەوە، تەنها بەهێز سەر بەزۆرینە دادەنوێنێ. زۆربەی جاریش ملکەچ بوونی زۆرینە بۆ کەمینە لەناچاری‌یەوەو لەترسان بۆ ماوەیەکە.

گومانی تێدا نیە کەدەوڵەتی کەمایەتی هیچ پاکانەیەکی شەرعی‌ی نیە. پاکانەی شەرعی چەند لەگەڵ سروشت‌دا تەبا بێ بەهێز دەبێ‌و چەند لەگەڵ سروشت‌دا ناتەبا بێ بێهێز دەبێ. مادام خودی دەوڵەتی کەمایەتیش دیاردەیەکی ناسروشتی‌یە، دیارە پاکانەکەی هەر بەلەرزۆکی دەمێنێتەوە. ناشەرعی بوونی دەوڵەت لەعیراق‌دا لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کەدەوڵەتەکە هەر لەبنەڕەتدا نە لەسەر بنچینەی یەکبوونی زمان دامەزراوەو نە لەسەر بنچینەی یەکبوونی تایفە، بەڵکو ناشەرعی‌یەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەلەبنەڕەت‌دا لەسەر دەسەڵاتی کەمایەتی دامەزراوە. لەبەر ئەوەش کەبنچینەی وێژەیی‌ی دەوڵەت لەعیراق‌دا لەسەر نایەکسانی دامەزراوە، هەر داواکردنێکی یەکسانی، بنچینەی وێژەیی‌ی دەوڵەت دەشلەژێنێ.

لەسەرەتای دەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەتدا هیچ ملکەچ بوونێکی ئارەزوومەندانە بۆ دەسەڵات نەهاتە دی. ئەوە بەڵگەیە کەشیعە پاش شکستی شۆڕشی ١٩٢٠ بەزۆر ملکەچ کران. هەروەها کوردیش، پاش لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعیراقەوە. کەواتە ئێمە لەدەوڵەتێك دەدوێین کەبێجگە لەسننە عەرەبەکان هیچ گروپێکی تری بەئارەزووی خۆی ملی بۆ کەچ نەکردووە. گروپەکانی تر، کەزۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن، بەزەبری زۆردارەکەی ملکەچ کران. کاتێك زۆرینەی گەل بەردەوام هەست بەناشەرعیەتی دەوڵەت دەکا، ملکەچ بوونی ئارەزوومەندانە زۆر بەئەستەم دێتە دی.

## ٣-تاکتیکی ئاشتی

تاکتیکی شۆڕش بێ کەڵك دەرچوو. بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورو درێژ شیعەکان بەلای ئاشتیدا دایانشکاند، بەڵام بەردەوام خۆیان بەزۆرلێکراو دەزانی. ئەوەش بەڵگەیە کەهەمو پۆستە گرنگەکانی دەوڵەت هەر بەدەست سننەکانەوە بوون‌و لەدەوڵەتێکدا کەزۆرینەی گەلەکەی شیعەن، شیعە هیچ دەستێکیان لەبڕیاری سیاسیدا نەبووە. دەوڵەت وەك دەوڵەتی کەمایەتی مایەوە. ئیزاك ناکاش، لەکتێبە بەنرخەکەیدا ((شیعەکانی عیراق)) پەردە لەڕووی ئەم مەسەلەیە هەڵدەماڵێ‌و دەنوسێ:

((ئەگەرچی لەساڵی ١٩٤٥دا ژمارەیەکی زۆری شیعەی خوێنەوار هەبوون کەلێیان رادەبینرا بۆ بەڕێوەبردنی پۆستە حکومی‌یەکان شان لەشانی سننەکان بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێ نەدەدرا بەشیعە بگاتە پۆستە گرنگەکانی دەوڵەت. لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی‌دا، کاتێك تەنها یەك دوو وەزیری شیعی لەناو حکومەتداو فراکسیۆنێکی سەرخێڵەکان لەناو پەرلەماندا نوێنەرەوەی بەرژەوەندی‌یە ئاڵۆزەکانی تایفەکەیان بوون، شیعەکان ناڕەزایی‌یان دەربڕی‌و بەگژ ئەم هەل‌و مەرجە سیاسی‌یەدا چوونەوە...لەچەندین بۆنەدا، شیعەکانی باشوورو بەغدا پەیوەندی‌یان بەکاربەدەستە ئینگلیزەکانەوە کردو بۆیان دەرخستن کەپێویستە ژمارەی نوێنەرانی شیعە لەناو حکومەتداو نفوزی بریتانیا لەعیراقدا پەرەی پێ بدرێ...کاتێك محەمەد سەدر (سەرۆکی ئەنجومەنی پیران) سەرو سۆراخی ئەوەی دەپرسی کەئایا بریتانیا سەبارەت بەبەڕێوەبردنی عیراق نیازی چی‌یە؟ ئەوەشی بەئەدمۆندس (راوێژکارە ئینگلیزەکەی وەزارەتی ناوخۆی عیراق) راگەیاند کەشیعەکان زۆر لەو سیستەمە سیاسی‌یە بێزارن کەتێیدا گروپێکی بچوکی سیاسەتمەدارە سننی‌یەکان، بەکردەوە، دەستی بەسەر پۆستە باڵاو کاریگەرەکاندا گرتووە))[٣].

ئەدمۆندس لەنامەیەکدا بۆ سێر کیناهان کۆرنوالیس نووسیویەتی کەمحەمەد سەدر رێبەرانی عیراقی بە((بێگانە)) زانیوە. لەساڵانی پاش بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهانیش ئەندامە شیعەکانی ناو پەرلەمان سکاڵای ئەوەیان هەبوو کەژمارەی ئەفسەرانی شیعە لەناو سوپاو پۆلیس زۆر کەمە.

ئیزاک ناکاش بەپشت بەستن بەکتێبەکەی ئەیاد قەزاز "Power Elite in Iraq 1920-1968" زانیاریی سەرنج راکێش دەربارەی باری شیعەکان لەعیراقی زەمانی پاشایەتیدا دەخاتە بەردەست:

((سیاسەتمەدارە سوننەکان لەژێر گوشاری شیعەکان کەداوای بڕێکی زۆرتری دەسەڵاتی دەوڵەتیان دەکرد وردە وردە ژمارەی شیعەیان لەناو حکومەتو ئەنجومەنی پیرانو دەزگای کارگێڕاندا زیاد کرد. بەڵام لەهەمان کاتدا کاربەدەستانی عیراق قەوارەی حکومەتو دەزگای بیروکراتیشیان فراوان کرد، بەمەش ئەوەیان بۆ سوننە مسۆگەر کرد کەدەست بەسەر دەزگای دەوڵەتدا بگرێ.

گۆڕانی چۆنیەتیی دابەش کردنی پۆستە وەزارییەکان لەسەردەمی پاشایەتیدا ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنێ. لەسەرجەمی ٦٤٥ پۆستی وەزاریی سەردەمی پاشایەتیدا، شیعەکان ١٨٢ پۆستیان داگیرکرد کەژمارەکەی کەوتۆتە نێوان ٢١ پۆست لەبیستەکانو ٧٦ پۆست لەپەنجاکاندا ئەگەرچی ژمارەی شیعە لەناو حکومەتدا دوو بەرابەر، لە ١٨٪ەوە لەبیستەکاندا بۆ ٣٦٪ لەپەنجاکاندا، پەرەی سەند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعە هەمیشە لەنیوەی سەرجەمی وەزیرەکان کەمتر بوونو زۆربەی دەسەڵات هەر بەدەست وەزیرە سوننەکان مایەوە کەزۆربەی پۆستە گرنگەکانیان داگیر کردبوو))[٣].

شاڵاوی چوونە ناو دەزگای بیروکراتی دەوڵەت کەشیعەکان لەساڵانی بیست دەستیان پێ کرد، بەڵگەی پەرەسەندنێکی باشی هۆشیارییانە. کاتێك هەڵوێستی شیعە سەبارەت بەخۆکێشانەوە لەچوونە ناو دەزگای بیرۆکراتی دەوڵەتی عوسمانی، لەگەڵ هەڵوێستی تازەیان لەدەوڵەتی عیراق بەراورد دەکرێ، دەردەکەوێ کەهۆشیاریی شیعە لەچاو پەنجا شەست ساڵ لەمەوبەر گەشەکردوترو پرەگماتی ترە. دەکرێ وای بۆ بچین کەشاڵاوی شیعە بۆ ناو دەزگای بیرۆکراتی دەوڵەتو سیاسەت هەوڵێکی ئاشتییانەیە بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجانەی کەشیعەکان لەساڵی ١٩٢٠دا نەیانتوانی بیانهێننە دی.

گەوهەری مەسەلەکە لەوەدایە کەهەر هەوڵێکی ئاشتییانەی شیعە بۆ بەدی هێنانی ئەوەی پێی دەڵێن

یەکسانی، پشت ئەستوورە بەو تیۆرییەی کەجیاوازی نەکردن‌و یەکسانی دەخاتە تای یەك تەرازووەوە. لەسۆنگەی ئەوەشەوە کەجیاوازی نەکردن بەمانای هەلی یەکسان بۆ هەمووان دێ‌و بەهرەو توانا دەکاتە پێوانە، ئەوەندەی زۆرینە قازانج دەکا ئەوەندە کەمینە قازانج ناکا. لەکاتێکدا زۆرینە پشت بەجیاوازی نەکردن دەبەستێ، کەمینە قازانج ناکا. لەکاتێکدا زۆرینە پشت بەجیاوازی نەکردن دەبەستێ، کەمینە هانا دەباتە بەر ئیمتیازات. ئیمتیازاتیش واتە زێدە مافی ناشەرعی کەبەزۆرو تەڵەکەبازی لەزۆرینە دەسەنرێ. بەم جۆرە، بانگەشە بۆ یەکسانی لەگەوهەردا بانگەشەیە بۆ نەهێشتنی ئیمتیازات. پەیڕەوی کردنی ئەم تاکتیکە لەلایەن شیعەوە، واتە بانگەشە کردنیان بۆ یەکسانی، بەڵگەی گەشەکردنی چۆنایەتیی هۆشیاریی گشتی‌یە.

لەچلەکاندا یەکێ لەگەورەترین سیاسەتمەدارانی شیعە، کەساڵح جەبرە، ویستی بەبازدان بەسەر ڕێبەرایەتیی دینیی شیعەکان ڕێبەرایەتی‌یەکی عیلمانی پێکبێنێ. ئەم کابرا سیاسەتمەدارە، رمێنی بۆ گرنگترین بیروباوەڕی خۆی پەیدا کرد کەیەکسانی‌یە. جەبر کەیەکەم سەرەك وەزیرانی شیعەی عیراقە، لەرەوتی چالاکی‌یەکانی‌دا تینی بۆ دەسەڵاتی کەمینە هێناو بۆ یەکەمین جار لەمێژووی شیعەدا هەوڵێکی جددیی بۆ رازی کردنی بریتانیا دەست پێ کرد. ئەگەر ئەم سیاسەتە رەپێشکەرانەیەی ئەم سەری بگرتایەو بیتوانیبایە ترسی بریتانیا لەهاتنە سەر کاری دەسەڵاتی زۆرینە برەوێنێتەوە، هەم دەسەڵاتی سننەی تەنگەتاو دەکرد هەم دەستکەوتێکی زۆری بۆ شیعە بەدەست دەهێنا.

ساڵح جەبر بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی، ویستی سوود لەرکەبەریی نێوان شیعەو سننەو خۆ بەزۆرلێکراو زانیی شیعە وەرگرێ. رەنگە لەبەشێکی زۆری هەوڵ‌و کۆششەکانی‌دا ویستبێتی قازانج‌و سەروەرییەك بۆ خۆی تۆمار بکات، بەڵام ئەو وەك کابرایەکی شیعە نەیتوانیوە خۆی لەژینگەو بیروباوەڕی دینیی خۆی داماڵێ‌و هەست بەزەلیلی‌و بێزاری‌و ستەم دیدەیی نەکات.

جەبر لەگەرمەی کۆششە سیاسی‌یەکانی‌دا، بەرەیەکی پان‌و بەرینی نەیارانێکی خاوەن بەرژەوەندیی جیاجیای لەبەردەم خۆیدا بینی. ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێرنست بیڤنی سەرەك وەزیرانی بریتانیا لەسەر پەیمانی پۆرتسمۆس پشتی شکاندو لەدواییش‌دا ناچاری کرد دەست لەکار بکێشێتەوە. جەبر لەرێگەی پۆرتسمۆسەوە ویستی شوێن پێی ئەو تاکتیکە دێرینە هەڵگرێ کەسننەکان بەهۆیەوە دەیانویست هەم بریتانیا رازی بکەن‌و بەرژەوەندی‌یەکانی دابین بکەن‌و هەم

هەندێ بەرژەوەندیی گرنگیش بۆ دەوڵەت بەدەست بێنن. بەڵام ئەو وەك سیاسەتمەدارێكی بەدبەخت روو بەڕووی باهۆزێكی ریشە هەڵتەكێن بۆوە، چونكە هەم كۆمۆنیستەكانو هەم چەپەكانو تەنانەت كوردیش خراپ لێی تێگەیشتنو ئەو گوناهەیان لەمل شەتەك دا گوایە بەرژەوەندیی گەلی بەفیڕۆ داوە، ئەگەرچی ئەوەی ئەو لەپەیمانی ١٩٤٨ی پۆرتسمۆس بەدەستی هێنا زۆر لەوە باشتربوو كەسیاسەتمەدارە سننەكان لەپەیمانی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان بریتانیاو عیراق بەدەستیان هێنابوو.

كاتێك كۆمۆنیستەكانو چەپەكان لەساڵی ١٩٤٨دا جەماوەری بەغدایان لێ وروژاند، هیچی لەدەست نەهات دەست لەكاركێشانەوە نەبێ. بەڵام ئەم شكستە كۆتایی‌ی بەژیانی سیاسی‌ی نەهێنا. دواتر لەگەڵ نوری سەعید تووشی گێرمەو كێشەبوو. ئەو ململانێ سیاسی‌یەی لەنێوان حیزبەكانیان هەڵایسا، واتە ململانێی نێوان حیزبی یەكێتی‌ی دەستور بەسەرۆكایەتی‌ی نوری سەعیدو حیزبی سۆسیالیستی ئوممە بەسەرۆكایەتی‌ی ساڵح جەبر، سیمای ململانێی شاراوەی نێوان سننەو شیعەی پێوە دیاربوو. جەبر بەوەی كەزۆر بەوردی لەسروشتی پێكهاتەی سیاسی‌ی عیراق تێگەیشتبوو، پاش دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیستی ئوممە بانگەشەی بۆ ئەوە كرد كەپێویستە لەمەولا ئەندامانی پەرلەمان راستەوخۆ هەڵبژێردرێن. هەر لەم بوارەش‌دا داوای كرد سنوورێك بۆ دەست تێوەردانی دەوڵەت دانرێو چیتر رێ نەدرێ دەوڵەت خۆی لیستی تایبەت بەپاڵێوراوان ئامادە بكات. بەبڕوای ئەو، یەكەمین هەنگاوی ریفۆرم بەچاك كردنی سیستمی هەڵبژاردن دەست پێ دەكا. واشی لێكدایەوە كەدەستەبەر كردنی مافەكانی شیعە لەسێبەری دیموكراسی‌دا، لەپەرلەمانەوە دەست پێ دەكا. جەبر رێوشوێنی ململانێی ئاشتی‌یانەی گرتە بەرو لێ نەگەڕا ئەو ململانێ ئاشتیخوازی‌یە پەرە بسەنێ، ببێتە ململانێ‌یەكی توندوتیژ، ئەو فەزلەشی بۆ دەگەڕێتەوە كە بۆ شیعەكانی روون كردەوە كەئەگەر ئامادەی ململانێ‌یەكی درێژ خایەن بن، دەتوانن بەبێ پەنابردنە بەر تەجرەبەیەكی تفتو تاڵی شۆڕشگێڕانە پێ لەسەر داخوازی‌یەكانیان داگرن. بەڵام ئەو رێگایەی ئەو دەستی پێ كرد، شیعەكان تەواویان نەكرد. پێدەچێ شیعەكان، پاش ساڵح جەبر، لەژێر گوشاری هەستی بەدبینی‌و بێ ئومێدی، نەیانتوانی بێ خۆیان لەباقو بریقی ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتاری‌یە شۆڕشگێڕی‌یەكانی حیزبێكی وەك پارتی كۆمۆنیستی عیراق راپسكێنن. شیعەكان لەبەر روخساری رازاوەو خۆش ئامێزی هەندێ چەمكو بیروباوەڕی وەك

یەکسانیی چینایەتی کەکۆمۆنیستەکان پڕۆپاگەندەیان بۆ دەکرد، بەلێشاو چوونە ریزی پارتی کۆمۆنیستەوە.

حەنا بەتاتۆ لەکتێبەکەیدا ((چینە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانو بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی عیراق)) باسی کردووە کەرێژەی شیعە لەناو پارتی کۆمۆنیستدا لەماوەی نێوان ١٩٤٩و ١٩٥٥ لەنزیکەی ٢١٪ـەوە بوو بە ٤٧٪[٤].

ساڵی ١٩٥٨ ئەو کودەتا چەپڕەوە خوێناوییەی کەکۆتاییی بەپاشایەتی هێنا، دەرفەتێکی فراوانتری بۆ شیعەکان بۆ تێکۆشان لەپێناوی یەکسانیدا هەڵخست. شیعەکان بەپەرۆشەوە بەپیر جەنەراڵێکی نیشتمانپەروەری سننەوە چوون کەدەیویست نیشتمانپەروەری بکاتە پێوانەی دڵسۆز بوون بۆ دەوڵەت، ئەویش جەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم بوو. جەنەڕاڵ قاسم، لانی کەم لەسەرەتای حوکم کردنیدا، ویستی رژێمێکی سیاسی لەسەر پێوانەی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی دابمەزرێنێ. بۆ یەکەمین جار لەماوەی نزیکەی چل ساڵ شیعەو کورد هەستیان بەوەکرد کەدەشێ بەغدا، بەهاوولاتیی پلە یەکیان بژمێرێ. بەمجۆرە، ئەم جەنەڕاڵە سننەیە پشتیوانیی دوو گروپە هەر چەوساوەکەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. بەڵام وەك شۆڕشگێڕێکی خاوەن دەسەڵاتێکی رەهاو بێ سنور پاش سێ ساڵ لەکودەتاکەی لەگەڵ کورددا هەڵی نەکردو تووشی ململانێیەکی خوێناوی بوو.

جەنەڕاڵ قاسم راست کردنەوەی پێکهاتەی سایکۆلۆژیو پتەوکردنی تۆکمەییی کۆمەڵی کردبووە خەمی سەرکیی خۆی. ئەگەرچی دووچاری ململانییەکی سەختیش بوو لەگەڵ کورد، بەڵام شیعەکان تا دوا رۆژی ژیانی پشتیوانییان لێکرد. تا ئێستا هیچ رێبەرێکی سننە بەقەدەر جەنەڕاڵ قاسم پشتیوانیی شیعەی بۆ خۆی مسۆگەر نەکردووە. بەشێك لەرازی ئەم مەسەلەیە دەچێتەوە سەر بەگومان کەوتنی شیعە لەبیروباوەڕی یەکەتی خوازیی نەتەوەگەراییی هەڵچووی سننەکانی عیراق.

شیعەکانو جەنەڕاڵ قاسم لەسەر ئەوە یەکدەنگ بوون کەمادام مەسەلەکە لەچوارچێوەی هەوڵدان بۆ خەفە کردنی تینو تاوی ناسریزم ناترازێ، دەتوانن شان بەشانی یەکتری هەنگاو بنێن. لەم سەروبەندەدا ناسیۆنالیستە سننەکان بەوەی کەمەسەلەی یەکگرتنیان لەگەڵ سوریاو میسر هێنایە پێش، گۆڵمەزێکی زۆریان بۆ جەنەڕاڵ قاسم نایەوە. جەنەڕاڵ قاسم کەدەسەڵاتی خۆی وەك رێبەرێکی کاریزماتیی چەپ لەناوخۆی وڵاتدا سەقامگیر کردبوو، ئامادە نەبوو بۆ

ڕێبەرێکی کاریزماتی ناسیۆنالیستی وەك جەمال عەبدولناسر دەست لەدەسەڵاتی خۆی هەڵگرێ.

سەربار، شیعەکانیش وەك کورد، کەیفیان بەیەکگرتن لەگەڵ سوریاو میسر نەدەهات. لەم مەسەلەیەدا شیعەو کورد بۆچوونی تا رادەیەك وەك یەکیان هەبوو. دیارە شیعەکان بەدەم ستەمو نایەکسانییەوە دەیاننالاندو لەو دەوڵەتە خانەگومان بوون کەسننە عەرەبەکان دەستیان بەسەر بڕیارەکانیدا گرتبووە. لاشیان ئاشکرا بوو کەبوونیان وەك زۆرینەی دانیشتوان نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم تاکڕەویی کەمینەی سننە لەبواری دەسەڵاتو بڕیارداندا. کاتێك بانگەوازی یەکگرتن لەگەڵ سوریاو میسر برەوی سەند، شیعەکان ئەوەندەی دی زراویان چوو. ئەوی راستی بێ بەرێوەچوونی یەکگرتن لەگەڵ سوریاو میسر، هی ئەوەبوو کەشیعە عەرەبەکان لەزۆرینەی دانیشتوانەوە بکاتە کەمینەیەکی بچوك کەرێژەکەی ١٥٪ ی سەرجەمی دانیشتوانی دەوڵەتە تازەکە تێنەدەپەڕی. ئەمەش شیعەی تۆقاند، چونکە سەرباری ئەوەی زۆرینەنو زیاتر لە ٥٠٪ی سەرجەمی دانیشتوانی عیراق پێك دێنن، دەشچەوسێنرێنەوەو مافیشیان دەخورێ، ئەی سبەی کەدەبنە کەمینەیەکی بچوکی دەوڵەتێکی سننی چییان بەسەر دێ؟

ئەم هەموو ترسە پاڵی پێوەنان بەپەرۆشەوە پشتیوانی لەحکومەتەکەی جەنەڕاڵ قاسم بکەن. لەمەسەلەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا فەلسەفەی جەنەڕاڵ قاسم لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابوو کەهاووڵاتییان هەست بەناسنامەی عیراقچێتییانەی خۆیان بکەن. ئەو بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە، بێجگە لەبانگەشە کردن بۆ پرنسیپی یەکسانی هیچ کەرەستەیەکی تری لەبەردەستدا نەبوو. بەجۆرە، لەساڵی ١٩٥٨دا یەکەمینو سەرەتاییترین هەوڵ بۆ بەدی هێنانی یەکسانی لەدەوڵەتدا، لەسەر دەستی جەنەڕاڵێکی سننە چەکەرەی کرد. بێگومان ئەو جەنەڕاڵە نەیدەویست سەرەنجامی هەوڵەکەی بەهێنانە سەر کاری شیعە دوایی بێ، بەڵام ئەوەی ئەو کردی، رەنگە بەبێ ئەوەی پێی بزانێ، دانانی بەردی بناغەی پرۆسەی راست کردنەوەی باری لینگاوقوچی دەوڵەت بوو. ئەگەر سیاسەتەکەی درێژەی بکێشایە، مەحاڵ بوو کەمینەی سننە وەکو جاری جارانو بەبێ ئەوەی کەس ورتەی لێوە بێ، بتوانێ سیاسەتی دەوڵەت دیاری بکاو بشیسەپێنێ. سەرەنجام، کودەتا راستڕەوە خوێناوییەکەی ساڵی ١٩٦٣ کەناسیۆنالیستەکانو حیزبی بەعس سەرکردایەتییان کرد، ئەم هەوڵە مێژووییەی لەکیس شیعە دا.

## ٤-ئاینده

شیعەکان دوو جار لەیەك سەدەدا شکستیان خواردو نەیانتوانی دەوڵەتێك دامەزرێنن کەخۆیان، نەك خەڵکانی تر، سیاسەتو بڕیارەکانی دیاری بکەن. یەکەم جار لەساڵی ١٩٢٠دا شکستیان خوارد، کاتێك بەخۆوە نازینیان هانی دان بەگژ ئەو سیستمە جیهانیی‌یەدا بچن کە لەو کاتەدا لەسەر دابەش کردنی گۆی زەمین بەسەر هێزە کۆلۆنیالیستەکاندا دامەزرابوو. ئەگەرچی ئەوەی قازانجی لەشکستی شیعە کرد سننە عەرەبەکان بوو، بەڵام ئاشکرایە کەشیعەکان لەساڵی ١٩٢٠دا لەسەر دەستی سننە شکستیان نەخوارد، بەڵکو لەسەر دەستی دەوڵەتێکی زلهێز کەبریتانیایە. لەساڵی ١٩٩١یش شکستیان خوارد، کاتێك یەکە توندو تۆڵو دیسپلینداره‌کانی گاردی کۆمار، کەبەشێوەیەکی سەرەکی لەسەربازانی سننە پێك دێن، کەوتنە وێزەیانو سەرکوتیان کردن.

حەفتا ساڵ هەردوو شۆڕش لێك جیا دەکاتەوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەشیعەکان هەرگیز ئاواتی خۆیان لەبیر نەچۆتەوەو هەمیشە هەموو هەلێك بۆ گەیشتن بەئامانج دەقۆزنەوە. داپڵۆسینو سەرکوتکردن بەدرێژایی‌ی کات ناچاری کردوون ئاواتەکانیان بشارنەوەو گوێڕایەڵو ملکەچ خۆیان نیشان بدەن.

لەدەوڵەتێکدا کەکەمینە سیاسەتەکەی دادەڕێژێو تێیدا جۆرە جیاوازی کردنێك دژی زۆرینە پیادە دەکرێ، هیچ دەرەتانێك بۆ سەرهەڵدانی میانڕەوی پێك نایە، نە لەلایەن ناوەندەوە کەهەمیشە بەهەڕەشە لێکراوی دەژێو کەمایەتی‌یەك دەستی بەسەردا گرتووەو نە لەلایەن زۆرینەوە کەهەست دەکا چەوساوەیە. لەو هەلو مەرجەدا ئەوەی دەبێتە مایەی ئارامی، زەبرو توانای دەوڵەتە نەك هێزی ملکەچ بوونی ئارەزوومەندانەی دانیشتوان. لەم رووەوە عیراق بەسێ خاسیەت لەدەوڵەتانی تر جودا دەکرێتەوە: یەکەم، عیراق دەوڵەتێکی بێ شەرعیەتە، چونکە لەدژی ئاواتی نەتەوەیی‌ی کوردو ئاواتی تایفەگەری‌ی شیعە دامەزراوە، دووەم، دەوڵەتێکە لەسەر بنەمای هێز پێك هاتووە. لەسۆنگەی ئەمەوە هەر شڵەژانو شپرزەیی‌یەکی ناوەند بەو واتایە دێت کەرەنگە یاخی بوونی هەرێمەکانی باشوورو باکوری بەدواوە بێ. سێیەم، دەوڵەتێکە نە لەسەر شەریکایەتی دامەزراوە نە لەسەر تەبایی، بەڵکو لەسەر دەسەڵاتی کەمینەیەك کەدەستی بەسەر پۆستە گرنگەکانی دەوڵەتدا گرتووەو سیاسەتی دەوڵەت دادەڕێژێو بەزۆریش دەیسەپێنێ.

سوننەکان سەروەدەریان لەو راستییە دەرکردووەو خۆرسکانەو بەتەجرەبە بۆیان دەرکەوتووە کە تا پەیوەندیی زۆردارەکی لەگەڵ هەرێمەکاندا لەئارادا بێ، کەس جێیان پێ لێژ ناکاو نەخشی سیاسەت دارێژەری دەوڵەتیان لێ ناسەنێتەوە. ئەم تیۆرییە پشتی بەوە بەستووە کەهەر خاوبوونەوەیەکی دەسەڵات هەڕەشەی جددی بۆ سەر قازانجو ئیمتیازاتی کەمینە پێك دێنێ. ئەمەش ئەم مەسەلەیە ساغ دەکاتەوە کەبەردەوام بوونی پێکهاتە سیاسییەکانی عیراقو مانەوەیان بەبێ گۆڕان پێویستی بەبەردەوام بوونی پەیوەندیی زۆردارەکیی نێوان ناوەندو هەرێمەکانە. ئەمە، بەکردەوە، بەشێوەی سەرکوت کردنێکی بەردەوامی زۆرینە دەردەکەوێ. ئیتر ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەبەردەوام بوونی پێکهاتە سیاسییەکان لەناوەڕۆکدا بەردەوام بوونی گرژییە لەناوخۆی وڵاتدا.

لەکەمینە ناوەشێتەوە یەکسانی بەدەست بێنێ چونکە یەکسانی، ئاسەواری ئیمتیازات دەسڕێتەوە. لەبەر ئەوەش کەحوکمی هەر کەمینەیەك زۆرترین ئیمتیازاتی تێدایە، ئەستەمە بیر بۆ ئەوە بچێ کەکەمینە لەخۆیەوەو بەخۆڕایی دەسبەرداری ئیمتیازاتە سیاسیو ئابوورییەکانی خۆی بێ. لەسۆنگەی ئەوەشەوە کەدژوارە ئاسایشو شەرعیەت لێك جیا بکرێنەوە، بەردەوام بوونی ناشەرعیەت مەگەر هەر گرژیی لێ بکەوێتەوە.

عیراق رێك وەك کۆماری رەگەزپەرستی پێشووی خوارووی ئەفریقیا، مەگەر تەنها بە بەدی هێنانی شەرعیەت وەرچەرخانێکی دیموکراتی بەخۆیەوە ببینێ. ئەگەر وەرچەرخانێك لەدیکتاتۆرییەوە بەرەو دیموکراسی روویدا، چارەنووسی خودی دیموکراسییەکە دەوەستێتە سەر توانای بەدەست هێنانی یەکسانیی سیاسی. بەڵام ئەگەر ئەمە نەهاتە دی، عیراق لەماوەی کەمتر لە دە ساڵ دەوڵەتی کەمایەتی لەکۆڵ خۆی دەکاتەوەو دەبێتە دەوڵەتێکی زۆرینە، چونکە شیعەکان سەرەتا بەکۆنترۆڵ کردنی پەرلەمانو پاشان بەکۆنترۆڵ کردنی حکومەتو سوپا ئەو توانایە بەدەست دێنن کەهەوڵ جار کار بکەنە سەر سیاسەتی دەوڵەتو دواتریش خودی سیاسەتەکە دارێژنەوە. بێگومان هەر هەوڵێکی جددی بۆ گۆرینی دکتاتۆریەت شەرعیەت وەردەگرێ. بەڵام ئەو شەرعیەتە تا ئیمتیازاتی کەمینە مابێ، بەکەمو کوڕی دەمێنێتەوە. چارەنووسی ئارامی لەعیراقدا بەندە بەهاتنە سەر کاری زۆرینە. ئەوەش بەڵگەیە کەدەوڵەتی کەمایەتی بەوەی کەهەمیشە دەوڵەتێکی بێ شەرعیەتە، دەوڵەتێکی بێ ئایندەشە،

چونكە لەگەڵ سروشتدا هەڵناكا. دەوڵەتی كەمایەتی مەگەر بەدەست لەكار كێشانەوە یا لەكار خستنی كەمینە ئارامی بەخۆیەوە ببینێ. چارەنوسی عیراق لەچاكترین هەلكەوتو بارودۆخدا لەچارەنووسی خوارووی ئەفریقیا چاكتر نابێ. لەوێ نیشتەجێ بووە سپی‌یەكان سەرباری پێشكەوتنی كەلتوریو شارستانێتی‌ی بالاّیانو سەرباری تواناو بەهرەیان لەكارگێڕیو رێكخستندا، چونكە كەمینە بوون، نەیانتوانی بەردەوام بوونی دەوڵەت وەك دەوڵەتی كەمایەتی دەستەبەر بكەن. كاتێك دیكلێرك پەیدا بوو و بانگەشەی بۆ یەكسانی‌ی رەش‌و سپی‌یەكان كرد، لەگەوهەردا بارێكی لینگاوقوچی ناشت كە لەگەڵ سروشتدا رێك نەدەكەوت. بەر لەوەی دیكلێرك پەیدا بێ، نیشتەجێ بووە سپی‌یەكان ناچار بوون دیموكراسی‌یەكەی دەوڵەت بۆ خۆیان پاوان بكەن بۆ ئەوەی بتوانن حوكم بكەن. لەگەڵ وەرچەرخانی خوارووی ئەفریقیا بەلای دیموكراسی‌ی راستەقینەدا، دەسەلاّتی كەمینە دارِزاو لەبەر یەك هەلوەشا بەلاّم، خۆشبەختانە، بەشێوەیەكی ئاشتی‌یانە.

ساڵی ١٩٥٨ دوا بەدوای كودەتا چەپڕەوەكەی سوپا شیعەكان بەپیری ئەو هەولاّنە چوون كەبەنیاز بوون رژێمێك لەسەر بنەمای هاوسەنگی دامەزرێنن. لەو كاتەدا ئەو رژێمە خۆی لەو ئەنجومەنە سێ قۆڵی‌یەی دەسەلاّتدا دەبینی‌یەوە كەلەشیعەیەكو سننەیەكو كوردێك پێك هاتبوو. بەلاّم سی ساڵ پاش ئەمە، كاتێك كوردو نەیارانی رژێمی بەعس بانگەشەیان بۆ هێنانە دی‌ی رژێمێكی فدراڵ كرد، شیعەكان ساردو سڕو بێ باك مانەوە. دواتر، ئەمجارە بەشێوەیەكی روونتر، هەمان هەلوێستیان نواندەوە، كاتێك شا حوسەین پرۆژەی فدراسیۆنی شیعی-سننی-كوردی‌ی بۆ عیراق پێشنیار كرد. ئەمە دەری دەخا كەئەمڕۆ شیعەكان ئەو رژێمە سیاسی‌یە رەت دەكەنەوە كە لەسەر بنەمای هاوسەنگی دادەمەزرێ.

رەنگە شیعەكان لەرەت كردنەوەی پرۆژەی فدراسیۆنە سێ قۆڵی‌یەكە پەلەیان كردبێ. ئەم فدراسیۆنە، ئەگەر سەری بگرتایە، كارێكی وای دەكرد شیعەكان بەتەواوی دەست بەسەر زیاتر لەنیوەی عیراقدا بگرنو نەخشێكیشیان لەدیاری كردنی سیاسەتی دەوڵەتدا هەبێ. ئەگەرچی جاران سننەكان بوون كەبەردەوام فیكرەی یەكسانی‌ی سیاسی‌یان رەت دەكردەوە، بەلاّم ئەوەی ئەمڕۆ ئەم فیكرەیە رەت دەكاتەوە شیعەكانن، چونكە تێگەیشتوون كەدەوڵەتی كەمینە بۆ هەتا هەتایە بەردەوام نابێ.

## ئایا عیراق بەرەو كوێ دەچێ؟

دەوڵەتی کەمایەتی ئومێدی بەردەوام بوونی لێ ناکرێ، چونکە لەگەڵ سروشتدا ڕێك ناکەوێ. ئەگەرچی ئەم دەوڵەتە تا ئێستا درێژەی کێشاوە، بەڵام هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەم دەوڵەتە بۆماوەی ٣٧ساڵ پشتی بەزلهێزێکی وەك بریتانیاو دواتر بۆ ماوەی ٣٩ساڵی تر پشتی بەپەیوەندیی زۆردارەکی لەگەڵ زۆرینەدا بەستووە. بەڵام خۆ دەوڵەتانیش وەك مرۆڤ، پیر دەبن‌و پەکیان دەکەوێ، دەشمرن.

ئەستەمە وای بۆ بچین کەسووکە دەسکاری کردنێکی پێکهاتەکانی عیراق بارودۆخەکەی پێ ڕاست دەکرێتەوە. حوکمی کەمینە درزێکی وای خستۆتە ناو کۆمەڵەوە کەزۆر دژوارە چاك بکرێتەوە. هەموو ئەو پرۆژانەش کەدڵسۆزانە هەوڵیان داوە تەگەرە لەڕوخانی پێکهاتە سیاسی‌یەکانی عیراق بدەن‌و دواییشیان پرۆژەی فدراسیۆنە سێ قۆڵیەکەی شا حوسێن بوو، هەم لەلایەن شیعەوە ڕەت کراونەتەوە هەم لەلایەن سننەوە. فەرامۆش کردنی ئەم پرۆژەیە کەبانگەشەی بۆ هاوسەنگی‌و تەبایی دەکرد شایستەی بیرکردنەوەو رامانە. پرۆژەکە ڕژێمێکی سیاسی‌ی پشت ئەستوور بەدەستوور، بەشداری لەدروست کردنی بڕیارداو یەکسانی‌یەکی سیاسی‌ی پێشنیار دەکرد. ڕەت کردنەوەی پرۆژەکە لەلایەن سەدام حسێنەوە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە پرۆژەکە بەشێوەیەکی سەرەکی وەك بەدیلێك بۆ ڕژێمەکەی داڕێژرابو. سننەکانیش، کەحیزبە ناسیۆنالیستەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆن نوێنەرایەتی‌یان دەکەن، بەبیانوی پاراستنی یەکێتی‌ی خاکی نیشتمان لاری‌یان لێ هەبوو.

ئەوەی ڕاستی بێ، ناسیۆنالیستە سننەکان چ ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیەو چ ئەوانەی لەریزی ئۆپۆزسیۆن دان، باش لەوە گەیشتوون کەهەر بانگەوازێك بۆ یەکسانی یا ئۆتۆنۆمی‌ی ئیقلیمی هەرەشە لەدەسەڵاتیان وەك تایفە دەکا. سننەکان لەم بارەیەوە زۆر هەستیارن، چونکە ئەوان، بەپێچەوانەی شیعەو کوردەوە، هیچ بنەمایەکی قوڵایی‌ی ستراتیجی‌یان نیە. نە جوگرافیا بەکەڵکیان دێ نە قەوارەی دیموگرافی، بێ لەوە بەسەر خاکێکی پان‌و پۆڕدا پەرش بڵاون کەهەرێمێکی یەکگرتووی لێ پێك نایەو لەمپەری سروشتی‌و چۆڵەوانی لێکیان دادەبڕێ. لەبەدبەختی‌ی سننە، دیجلەو فورات کە بۆ شیعە بۆتە فاکتەری گرێدان، بۆ ئەوان بۆتە فاکتەری لێك دابڕان. لەکاتێکدا کورد پشتی بەفاکتەری جوگرافیایی‌ی چیا وەك قوڵاییەکی ستراتیجی بەستووەو لەکاتێکدا قەوارەی دیموگرافی قووڵایی‌یەکی

ستراتیجی‌ی بۆ شیعە پێك هێناوە، نە جوگرافیا پشت‌و پەنای سننەیەو نە قەوارەو دیموگرافی‌یە کزەکەیان. سننەکان ئەم کەلەبەرو کەلێنانەیان بەبەهرەی کارگێڕان‌و ئاستی بەرزی خوێندن پڕ کردۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر هەست کردن بەنائەمینی‌و ترس لەهێزی دەوروبەر، ناچار بوون لەرەفتاردا دڕو بێ بەزەیی بن‌و نەیارانیان بخەنە تەنگانەوە. سننەکان لەهەموو تایفەکانی دی زیاتر بەتەنگ یەکپارچەیی‌ی وڵاتەوەن‌و لەهەموویان گورج‌و گۆڵتر سەرگەرمی خزمەت کردنی بیروباوەڕی نەتەوەگەرایی‌ی خۆیانن. هۆی ئەم سەرگەرمی‌یە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەوان لەمێژە سەریان لەوە دەرکردووە کە لەنێوان بەردەوام بوونی رژێمە سیاسی‌یەکەیان کە لێ دەگەڕێ سیاسەتی دەوڵەت بەکەیفی خۆیان داڕێژن‌و بشیسەپێنن‌و لەنێوان هێشتنەوەی پەیوەندی‌ی زۆردارەکی‌ی نێوان ناوەندو هەرێمەکان پەیوەستێکی لێك دانەپچڕاوو لێك جیا نەکراوە هەیە.

شیعەکان لەسۆنگەی هۆی ترەوە لاری‌یان لەپرۆژەکەی فدراسیۆن هەبوو، لەوانە باوەڕیان بەوەی کە هەر ئەوان میراتگری شەرعی‌ی ئەو دەوڵەتەن کەجێی دەوڵەتی کەمینە دەگرێتەوە. ئەگەرچی ویستیشیان بەچەند قسەیەکی تەم‌و مژاوی پاکانە بۆ لاری بوونی خۆیان بکەن، بەڵام نەیانتوانی کەس ببەنە سەر ئەو باوەڕەی کەئەوان عەودالّی ئاواتێکی سنووردارو چێوەدارن. رەنگە ئەمەش لەو بۆچوونەدا دەرکەوێ کەئەگەر بەشێکی کەمی دانیشتوان، بەکەمینەیی‌ی خۆیان، بەڕیشی خۆیان رەوا ببینن سیاسەت‌و بڕیارەکانی خۆیان بەزۆرو بەزەبری زۆردارەکی بەسەر زۆرینەدا بسەپێنن، ئەی بۆچی زۆرینەش ئەو مافە بۆ خۆی نەبینێ؟ شیعە، بەپێچەوانەی کوردەوە، ناتوانێ جیاخواز بێ، چونکە وا باوە کەتەنها کەمینە کاتێك دەچەوسێنرێتەوە بەلای جیاخوازی‌دا دەچێ. شیعە، بەوەی کەزۆرینەیە، ناتوانێ بانگەشە بۆ جیاخوازی بکات. هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش ئەو ئاواتەیان لا سەقامگیر بووە کەپێکهاتە سیاسی‌یەکانی عیراق لەریشەوە هەڵتەکێنن‌و پێکهاتەی سیاسی‌ی نوێ‌و گونجاوتر لەگەڵ سروشتدا دامەزرێنن.

عیراق بەرەو وەرچەرخان دەچێ‌و چارەنووسی بەندە بەمانەوەی یەك کەس کەساڵەهای ساڵە بەتوندو تۆڵی حوکم دەگێڕێ‌و تۆزقاڵێك نەرمی‌ی نەنواندووە: واتە سەدام حسێن. ئەگەر ئەو کەسە نەمێنێ یا رژێمەکەی بڕوخێ، تێکڕای ئەو پێکهاتە سیاسی‌یەی کەسێ چارەکە سەدەیە لەئارادایە دوا بەدوای ئەو دەڕوخێ، چونکە ئەو رێبەرەی سەروەری‌و

شکۆمەندیی خۆی لەسەر بنەمای هێزی ڕەهاو دەسەڵاتی بێ سنور دادەمەزرێنێو ئەو ڕژێمەی پشتی بەهێزو جەنگ ببەستێ، لەپاش خۆی تەنها پاشاگەردانیو ئاشوب بەجێ دێڵێ. ڕێبەرێك کەجێی دەگرێتەوەو ڕژێمێك کەدەچێتە شوێنی، ناچارە شتێکی وا بکا کەشەرعیەتێکی ڕاستەقینەی لێ بکەوێتەوە. ئیتر، ئەگەر لەناو شیعەکاندا سەرکردایەتییەکی بەهێزو شایستەی ڕێزو متمانە هەڵکەوت کەبتوانێ لەگەڵ ئەکلیرۆسی ناوخۆییدا تەبا بێو بەقەدەر ئەوەی مشووری بەرژەوەندییەکانی گەلەکەی دەخوا ئەوەندەش مشوری بەرژەوەندیی هێزە جیهانیو ئیقلیمییەکان بخوا، بوونی عیراق بەدەوڵەتێکی شەرعیو پەسەندکراو دەبێتە ڕاستییەکی زیندوو.

## سەرچاوە:


١-احمد الكاتب، تجربة الثورة الاسلامية في العراق ١٩٢٠-١٩٨٠، بيروت، ١٩٨١، ص٢٦٥.

٢-اسحق نقاش، شيعة العراق، ترجمة عبدالاله النعيمي، دار المدى للثقافة والنشر، بيروت، ١٩٩٦، ص٢٢٨-٢٢٩.

٣-Ayadal-Qazzaz. Power Elite in Iraq. 1920-1958. A study of the cabinete. MW 61. 1971. P277-278.

وەرگیراوە لە:

اسحق نقاش، المصدر السابق، ص٢٢٩.

**٤- Hanna Batatu. The old Social Calsses and the Revolutionary Movements of Iraq. 2d ed (princetion. N.J. 1982). P. 406.**